www.kurdistannet.org
بەكاتی ناوەندی ئەوروپا 3-10-2007 23:22

**ژن و ئافرەتە قورئانخوێنەكانی كوردستان، بەشداری لەچاكسازی كۆمەڵایەتیدا دەكەن. ... ڕاگەیاندنی وەزارەتی ئەوقاف**

لەكۆبونەوەیەكی ژنە قورئانخوێنەكانی كوردستان كە لەسەر داوای ڕێكخراوی تواناسازی ئافرەتان لەهۆڵی بۆنە ئاینیەكانی مزگەوتی سەواف لەشاری هەولێر بەڕێوەچوو، نزیكەی (100) ژن و ئافرەتی قورئانخوێن گوێبیستی ئەو ڕێنماییانەبوون كە وەزارەتی ئەوقاف بۆ ڕێكخستنی پرسەی ژنان و باشتركردنی ڕەوشی كۆمەڵایەتی كوردستان دەریكردوە، لەم كۆبونەوەیەدا كە د. محەمەد گەزنەیی سەرۆكی یەكێتی زانایانی ئاینی ئیسلامی كوردستان و د. كوردستان موكریانی سكرتێری یەكێتی ئافرەتانی كوردستان و بەرپرسی ڕێكخراوی تواناسازی ئافرەتان تیایدا ئامادەبوون، شێخ محەمەد شاكەلی وەزیری ئەوقاف وتارێكی پێشكەشكرد و تیایدا ئاماژەی بەرۆڵی ژن و ئافرەتە قورئانخوێنەكانی كوردستان لەڕێكخستنی پرسەی ژنان و چاكسازی لەهەندێك داب و نەریتی كۆمەڵایەتی نادروست كرد و ژن و ئافرەتە قورئانخوێنەكانی بە توێژێكی كاریگەر لەسەر كۆمەڵگای كوردەواری وەسف كرد و هیوای خواست لەپرۆسەی چاكسازی كۆمەڵایەتیدا هاوكاری وەزارەتی ئەوقاف و حكومەتی هەرێمی كوردستان بكەن، شایانی باسە پێشتر قورئانخوێنە ئافرەتەكان بەدەر لەڕێنماییەكانی وەزارەتی ئەوقاف كاریان دەكرد، بەڵام ئێستا لەچوارچێوەی ڕێكخراوێكدا بەناوی كۆمەڵەی قورئانخوێنانی كوردستان لەژێر چاودێری وەزارەتی ئەوقافدا كاردەكەن.

ئەو نووسینانەی لە كوردستان نێت دا بڵاودەكرێنەوە، بیروبۆچوونی خاوەنەكانیانە، كوردستان نێت لێی بەرپرسیار نییە.